# نزای: ( اللهم رب جبرائيل، وميكائيل، وإسرافيل، فاطر السماوات والأرض، عالم الغيب والشهادة، أنت تحكم بين عبادك فيما كانوا فيه يختلفون، اهدني لما اختلف فيه من الحق بإذنك، إنك تهدي من تشاء إلى صراط مستقيم )

له ئەبی سەلەمەی کوڕی عبدالرحمانی کوڕی عەوفەوە دەڵێت: پرسیارم لە عائیشە دایکی ئیمانداران کرد -ڕەزای خوای لێبێت-، بە چی شتێک (چی زیکرێک یان خوێندنەوەیەک) پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نوێژی دەستپێدەکرد ئەگەر شەو هەستایە بۆ نوێژکردن؟ ووتی: ئەگەر شەو هەستایە دەستی بە نوێژکردن دەکرد بە (ئەم نزایە): «(اللهم رب جبرائيل، وميكائيل، وإسرافيل، فاطر السماوات والأرض، عالم الغيب والشهادة، أنت تحكم بين عبادك فيما كانوا فيه يختلفون، اهدني لما اختلف فيه من الحق بإذنك، إنك تهدي من تشاء إلى صراط مستقيم)*». *(واتە: خودایە، پەروەردگاری جیبرائیل و میکائیل و ئیسرافیل، بەدیهێنەری ئاسمانەکان وزەوی، زانا بە نهێنی وئاشکراکان، تۆ فەرمان وحوکم دەکەیت لە نێوان بەندەکانتدا لەو شتانەی کەوا جیاوازییان تێدا هەیە، ڕێنموونیم بکە بۆ ئەو ڕاستییەی کە خەڵکی جیاوازییان تێدا هەیە بە فەزڵ و ویستی خۆت، بەڕاستی هەرکەسێك تۆ بتەوێت ڕێنموونی دەکەیت بۆ ڕێگای ڕاستی خۆت)

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئەبی سەلەمەی کوڕی عبدالرحمانی کوڕی عەوف پرسیاری لە عائیشە دایکی ئیمانداران کرد سەبارەت بە ئەو نزایەی کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەیخوێند لە سەرەتای دەستپێکردن بە شەونوێژ ئەگەر شەو هەستایە بۆ نوێژکردن؟ عائیشە ووتی: ئەگەر شەو هەستایە نوێژکردن ئەم نزایەی دەخوێند: (اللهم رب جبرائيل وميكائيل، وإسرافيل:خودایە، پەروەردگاری جیبرائیل و میکائیل و ئیسرافیل): باسکردنی ئەم سێ فریشتەیە بەتایبەت، و لەگەڵ باسکردنی ئەوەی خوای گەورە پەروەردگاریانە؛ ئەمە بۆ ڕێزلێنانە لەوان وپلەبەرزیانە بەسەر ئەوانی ترەوە، ولێرەدا جبریلی پێشخت چونکە ئەو ڕاسپێدراوە بە گەیاندنی کتێبە ئاسمانیەکان، بۆیە هەموو شتێک سەبارەت بە ئاین پەیوەندی بە ئەوەوە هەیە، وئیسرافیلی لە کۆتادا باسکرد چونکە ئەو فوو دەکات بە کەڕەنادا، وقیامەت هەڵدەستێت، ومیکائیلی لە ناوەڕاستدا باسکرد چونکە ئەو ڕاسپێدراوە بە باران وڕووەکەکان وئەوەی پەیوەندی هەبێت بە ڕزقی ژیانی بوونەوەرەکان لە دونیادا. (فاطر السماوات والأرض:بەدیهێنەری ئاسمانەکان وزەوی): واتا ئەی خوڵقێنەر ودروستکاری ئاسمانەکان وزەوی. (عالم الغيب والشهادة:زانا بە نهێنی وئاشکراکان): واتا زانایە سەبارەت بە ئەوانەی بەندەکان نایبینن وزانایە سەبارەت بە ئەوانەیشی کە بەندەکان دەیبینن. (أنت تحكم بين عبادك فيما كانوا فيه يختلفون:تۆ فەرمان وحوکم دەکەیت لە نێوان بەندەکانتدا لەو شتانەی کەوا جیاوازییان تێدا هەیە): واتا تۆ فەرمانڕەوایی ودادوەری دەکەیت لە نێوان بەندەکانتدا لەو شتانەی ناکۆکن یان ناکۆک بوون تێیدا لە هەر بابەتێک ومەسەلەیەک لە ئایندا لە ماوەی ژیانی دونیادا. (اهدني لما اختلف فيه من الحق بإذنك:ڕێنموونیم بکە بۆ ئەو ڕاستییەی کە خەڵکی جیاوازییان تێدا هەیە بە فەزڵ و ویستی خۆت): واتا هیدایەتم بدە بۆ هەق وڕاستی لەم ناکۆکیەدا کە خەڵکی تووشی بوون لە بابەت ومەسەلەکانی ئاین ودونیادا ئەمیش بە یارمەتی وسەرخستن وئاسانکردنی تۆ. (إنك تهدي من تشاء إلى صراط مستقيم:بەڕاستی هەرکەسێك تۆ بتەوێت ڕێنموونی دەکەیت بۆ ڕێگای ڕاستی خۆت): واتا تۆ هەرکەسێک بتەوێت هیدایەتی دەدەیت بۆ سەر ڕێگای هەق وڕاستی.

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee